گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند دانا ڕەئووف … سازدانی/ شاخەوان سدیق

دانا ڕەئووف:
دەقی خەماڵی هەمیشە ڕەخنەیی گەورەی گۆڕاوە لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا.

سازدانی/ شاخەوان سدیق

شانۆ یەکێکە لە هەرە زیندوترین هونەرەکانی دونیاو، ڕۆژانە لە شارەگەورەکانی دونیادا چەندین نمایشی جدی بە چەندین شێوازو ڕەنگبازی جیاجیاوە پێشکەش دەکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش تاڕادەیەکی باش گرنگی بەم بوارە دراوە، هەربۆیە بە پێویستمان زانی لەگەڵ هونەرمەند(دانا ڕەوف) دەربارەی گرنگی شانۆ ئەم دیدارە سازبدین.

شاخەوان سدیق/ ساڵانی ڕابردوو کۆمەڵێك نمایشکران، کە زیاتر نمایشی شانۆیی کلاسیکی بوون و دەقەکانیان زیاتر دەقی وەرگێڕاو بوون، ئەم کارانە لە سەرەتادا بینەرێکی زۆریان هەبوو، بەڵام وردەوردە ئەم بینەرە نەما تا ئەوکاتەی کۆی شانۆی با دەقی خەماڵیان دروست کرد، دەقێك کە پێشتر نە بووە و خۆیان دروستیان کرد، بەستیانەوە بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە وە دەقەکانیان باسکردن بوو لە ئەمڕۆو ئێستای ژیانی ڕۆژانەی خۆمان. ئەم کارانە بینەرێکی زۆریان هەبووە و بۆ چەند ڕۆژێکی زۆر نمایشکران، هەست ناکەی تۆرانی بینەری ئەمە پێوەندی هەبووە بەوەی کە ئەو دەقە وەرگێڕاوانە پێوەندیان نە بووە بە ئێستای کۆمەڵگای ئەمەوە؟ هەست ناکەن بینەری ئەمە شانۆیەکی دەوڵەت بیبەستێتەوە بە واقیعی ژیانی خۆیانەوە؟

دانا ڕەئووف / پێش هەموو شتێك دەقی وەرگێڕاو و شانۆی کلاسیکی، سەرچاوەیەکی گرینگ و پێویستی هەموو شانۆ و بزووتنەوەیەکی شانۆییە، بەبێ شانۆی کلاسیکی یان هەر دەقێکی تری وەرگێڕاو شانۆ کەلێنێکی گەورەی تێدایە، ئەو کەلێنەیش هەرگیز بە دەقی خەماڵی پڕناکرێتەوە. لە هەموو دونیادا شانۆ تەنها شانۆی خەماڵی نییە و شانۆ پرسەیەکی پێکەوە بەستراوە و شتێکە هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە؛ ئەمەیش هۆکارێکی زۆر ساکاری هەیە، لەبەر ئەوەی شانۆ

هەمیشە پەیوەستە بە مرۆڤ و خەون و هیوا و ئازارەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە یەکترییەوە. ئەگەر نەمایشکردنی دەقی وەرگێڕاو و کلاسیکی بینەری لە شانۆ تەکاندبێتەوە، ئەوە بەبێ هیچ گومانێك هەڵەی ئەو دەقە وەرگێڕاوە یان کلاسیکییە نەبووە و نییە، بەڵکو هەڵەی ئەو کەسانەیە، کە نەمایشی دەکەن. شانۆنامە تازە و مۆدێرنەکان، لە پاڵ دەقەکانی شانۆی کڵاسیکی گرێکی، شەکسپیر، مۆلییر، ستریندبێرگ، چێخۆف، برێشت، پینتەر... و هەزارەهای تریش، کە بەردەوام لەسەر شانۆکانی دونیا نەمایش دەکرێن، نەك هەر بینەریان لە شانۆکان نە تەکاندێتەوە، بەڵکوو وزەیەکی گەورەبوون بۆ شانۆ، شانۆکارەکان و بینەریان بەشوومار لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. دەبێ ئێمە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چۆن و بۆچی ئەو هەموو دەقە کلاسیکییە تا ئێستا بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێن. گرفتەکە ئەوە نییە، کە ئێمە دەقی وەرگێڕاو یان شانۆی کلاسیکی پێشکەش دەکەین، گرینگ ئەوەیە چی هەدەبژێریت و چۆنی پێشکەش دەکەیت.

هەر ئێستا، کە من وەك هاوڵاتی ئەم پرسیارەی تۆ دەدەمەوە، هەر کێی شانۆی با-یش نەمایشکی گەلێك سەرکەوتوویان لە شانۆی جیهانی و دەقکی وەرگێراوەوە پێشکەش کردووە، کە ئەویش (مارا/ساد-ە. مارا/ساد) لە ماوەی ئەم سی چل ساڵەی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، لە چەند هەل و مەرجی جیاوازی وڵات و شارەکەماندا نەمایش کراوە، بێ نموونە، کە ئێمە لە هەشتاکاندا و لە کاتی جەنگی عێراق/ئێران و لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری مارا/سادمان نەمایش کرد، هەمان ئەم نەمایشەی ئێستا نەبوو، هەروەها کە کێمەڵك برادەری تر و لە کەلاوەکانی ئەوسای ئوتێل حسیب ساڵح، دوای شەڕی عێراق/ئێران مارا/سادیان نەمایش کرد، هەمان نەمایشەکەی ئێمە نەبوو. کەواتە گرفتەکە دەقی وەرگێڕاو یان شانۆی کلاسیکی نەبووە و نییە، بەڵکوو هەڵبژاردن و چۆنییەتی نەمایشکردن و چارەسەرە هزری، هونەری و ئێستاتیکییەکانە. کە لە دونیایشدا بە بەردەوامی دەقی کلاسیکی نەمایش دەکرێت، لە فۆرم و شێواز و ستایلە کلاسیکییەکەیدا نەمایش ناکرێت، گەر وا بوایە شانۆ دەمێ بوو مردبوو. کاری شانۆکار و شانۆ ئەوەیە پرسیارەکانی ئەمڕۆ و هەناسەیەکی نوێ لەو دەقانەدا بدۆزێتەوە: گرینگ نییە چی نەمایش دەکەیت، کلاسیك، مۆدێرن یان دەقێك خۆتان لە کاتی پرۆقە و بەکاری ڕاگوزاری و هاوبەش دەینووسن، گرینگ ئەوەیە بە هەوای ئەمڕۆ و ئەم ساتە هەناسە بدات و بژی. کاری شانۆ و شانۆکار ڕازاندنەوە و دروستکردنی مۆزەخانە نییە لەسەر شانۆکان، هاوکات وەڵامدانەوەی پرسیاریش نییە، بەڵکوو وروژاندنی پرسیارەکانە، دەرخستنی ڕاستییەکانە و بۆزارکردنی بینەرانە.

من لەو بڕوایەدانیم کێی شانۆی بایان هەر شانۆیەکی ترچ لە کوردستان یان لە هەر سووچێکی تری ئەم دونیایەدا بتوانێت پشت بکاتە ئەو کولتوورە دێرین و گەورەیەی شانۆی جیهانی و تەنها خۆی دەقی خۆی بەرهەمبهێنێت. لەو کاتەدا زۆر کەموکووڕی تێدا دەبێت؛ نە شانۆ گەشە دەکات، نە تواناکانی ئەکتەر و نە دیدی ریژیسۆر. نووسینی دەقی خێت و بە کاری هەرەوەزی و پرۆسەیەکی ئاگوزاری، لە قۆناخ و هەوشێکی دیاریکراودا ئەزموونێکی باش و دەوڵەمەندە و زۆربەی شانۆکارەکانی دونیایش، بە نموونە (ئاریان موشکین و پیتەر بروووك)، کاری وایان کردووە، بەڵام پشتکردنە شانۆی جیهانی و دەقی وەرگێڕاو و کلاسیکی و تەنها و تەنها خێت بە کاری هەرەوزی دەقی تایبەت بە خێت بەرهەمبهێنیت، ئەوا بێگومان تێنەگەیشتنێك هەیە. دەکرێت شانۆنامەنووسێك بە بەردەوامی لەگەڵ گروپێك کار بکات و ئەو گروپە تەنها دەقەکانی ئەو شانۆنامەنووسە بەکاربهێنن و نووسەرەکەیش لە پرۆسەیەکی گەشەکردوودا، لە دیدی ریژیسۆرەوە دەقەکانی نووسێت. ئەم جۆرە کارانەیش نموونەیان لە شانۆی جیهانیدا زۆرە و ئەزموونێکی گەلێك دەوڵەمەندە. مولییر بە ئەو شانۆیەی دەنووسی، کە خۆی کارەکانی تیا پێشکەش دەکرد، چێخەف بە تەواوی خۆی تەرخانکردبوو بە شانۆی هونەری مۆسکۆ، داریۆ فۆ نموونەیەکی تری دانسقەیە، کە خۆی نووسەر، ئەکتەر و ریژیسۆر بوو… هتد. ئێستایش زۆر شانۆنامونووس هەن، کە پێوەندییان بە شانۆیەکەوە یان ریژیسۆرێکەوە هەیە و پێکەوە کار دەکەن، ئەو دەینووسێت، ریژیسۆرەکەیش لەگەڵ ئەکتەرەکانی تاقی دەکەنەوە و لە گەشەیەکی دراماتۆرگی گرینگدا چ دەقەکە بەرەوپێشەوە دەچێت و چ دیدی ریژیسۆر و هەروەها ئەکتەرەکانیش.

شاخەوان سدیق/ نەبونی دەقی کوردیە وای کردووە شانۆکارەکان دەقی وەرگێڕاوی ئەوروپی بەکاربهێنن بۆ بەرهەم هێنانی کارێکی شانۆیی یان چی؟ هەست ناکەی بینەری دەقی شانۆیی کوردی زیاتربێت؟

دانا ئەحوود / ئەدەبی کوردی بنەماکانی لەسەر شیعر دێناوە، شیعری کلاسیکی کوردی لە مەولەوی-یەوە بۆ شێرکۆ بێکەس سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندە و ڕەسەنکی گەورەیشی لە پارێزگاریکردن و گەشەی زمانی کوردیدا گێڕاوە. بە پێچەوانەوە ژانرەکانی تری ئەدەب، ڕۆمان و تەنانەت کورتە چیرۆك و دەقی شانۆیی ئەو مێژووە درێژەیان نییە و تا ئادەیەك بە ئەدەبی کوردی نامێن. خۆ ئەگەر کورتە چیرۆك لە حەفتاکانەوە هەندێك هەنگاوی جدی نابێت، ئەوە ڕۆمان لە کۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانەوە زیاتر دەرکەوتوە و بەرەوی بە ئەدەبی

کوردی داوە. نووسینی دەقی شانۆیی تا ئێستا نەبووە بە کولتوور و نەیتوانیوە وەك ژانرێکی سەربەخۆ دەربکەوێت و خۆی بسەپێنێت، هەرچەندە چەندین هەوڵی زۆر جدی هەن و بەر لە ماندووبوونیش چەندان قەڵەمی بەپێز و بە توانا دەقی شانۆییان نووسیوە، بۆ نموونە (عەبدلڕەحیم ڕەحیمی هەکاری، پیرەمێرد، ئەلف با هەوری و تا دەگاتە ئەنوەر قادر ڕەشید، فەتاح خەتاب، ئەحمەد سالار، دڵشاد مستەفا)... هتد کە جێگا پەنجەیان دیارە و هەنگاوی گرینگ و پێویستیان ناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نووسینی دەقی شانۆیی نەبووە بە کولتوور و نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێت. هیچ کەسێکیش تا ئێستا سەت لە سەت خۆی بۆ ئەم ژانرە تەرخان نەکردووە. بە ڕای منیش یەکێك لە هۆکارەکان گەشەنەکردن و بەهێزی شانۆی کوردییە، کە نەیتوانیوە چ لە ڕووی ریژی و چ لە ڕووی دراماترگییەوە بڕەو بە توانای ئەو شانۆنووسانەی خۆمان بدات، ئەوەی ئەوان نووسیویانە لەسەر شانۆکان بەرجەستەی بکات. کاری شانۆنووسەکانی ئێمە بەو پرسە هاوبەش و هاوکارییە گرینگەی نێوان ڕیژیسێر/شانۆنامەنووس، شانۆنامەنووس/ئەکتەردا نەیشتوە و سوودیان لە ئەزموونی یەکتری وەرنەگرتووە و بەرکەوتنێکی قوول و تێگەیشتنێکی دوولایەنە بۆ پرسەکە نەبووە. بۆگومان لەم بارودۆخەیشدا شانۆکارەکان بە دەقی وەرگێڕدراو هەوڵی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان داوە.

لەلایەکی تریشەوە دەقی خۆماڵی هەمیشە کێشەکی گەورەی گێڕاوە لە دروستکردن و بونیادنانی شانۆدا، ئەوەی ڕاستی بێت دەقی سەرکەوتوو، هاریکاری نێوان شانۆ، ڕیژیسێر و شانۆنامەنووسەکان دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە. چۆنێتی بەهاوتا و گرینگی لە دروستکردنی شانۆی هونەری مەسکەدا بینیوە، ستانیسلاڤسکی هەرگیز بە بۆچوونی نەیدەتوانی ئەو شانۆیە دروست بکات، کە کێشەکی گرینگی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا بینیوە؛ شانۆی هونەری مەسکە چۆنێتی دەکات بە شانۆنامەنووسێکی پلە یەك، بەهەمان شێوە چۆنێتی-یش شانۆی هونەر دەکات بە شانۆیەکی هونەری، کە ناوبانگەکەی سنووورەکانی هەموو دونیا دەبەزێنێت.
بۆگومان لەم بارەیشدا بینەر زیاتر لە شانۆکان کۆدەبنەوە، بە شێوەیەکی ئاسانتر خۆیان لەسەر شانۆکان و لەنێو ئەکتەرەکاندا دەدۆزنەوە، ئەوەی دەیبینن ڕاستەوخۆتر پەیوەستە پێیانەوە، ڕیژیسێریش بە شیوە و فۆرم و ڕێگایەکی تر هەوڵی چارەسەرکردنی دیمەنەکان دەدات و ئەو تەکنیکەی بەکاری دەهێنێت زیاتر لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە سەرچاوە وەردەگرێت. دەمەوێت سەرلەنوێ ئەوەیش دووپات بکەمەوە، کە ئەوەی پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی شتێکی

زیندوو و نزیك لە واقیعی مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرنی خەمانەوە بێت، دەبێت بە هەوای ئەمرۆ بژی و هەناسە بدات. دەبێت شانۆی کلاسیکی، مۆدێرنی وەرگرێراو و دەقی خەمانی لە جووڵەیەکی دیالێکتیکی دا یەکتر تەواو بکەن و سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن.

شاخەوان سدیق/ ئەمڕۆ ساردو سڕیەکی زۆر لە ناو دنیای هونەری ئێمەدا لە ڕوی نەبوونی ڕەخنەوە هەیە، بەتایبەت ڕەخنەی هونەری و شانۆیی. بەجۆرێ ئەو هەموو کار و نمایشە تێدەپەڕێت کەس تەنها دوو دێڕی لە سەرناڕێت، تێ ئەمە بێ کەمتەرخەمیی هونەرمەندان دەگەیێنێتەوە، کە گرینگی بە بواری نوسین نادەن یان ئەمەیش وەك هەموو کێشەکانی تر پەتای نەبوونی نوسەری ڕەخنەی هونەرییە؟

دانا ڕەئووف / دەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین، ڕەخنەی شانۆیی یان ئەدەبی لەخۆوە دروست نابێت، هەر بێ نموونە، گەر تێ ڕوانی کوردیت نەبێت و هیچ ڕێبازێك نەکەوێتە بازاڕەوە، ڕەخنەی ئەدەبیشت نابێت و کەس قسە لەسەر ڕێبان ناکات. شانۆیش هەمان هاوکێشەیە، ئەگەر نەمایشی باش پێشکەش نەکرێت و شانۆ نەبێت و هیچ ڕێپرتوارێکی شانۆیی لە ئارادا نەبێت، بێگومان ڕەخنەی شانۆیشمان نابێت. بزووتنەوەی شانۆی کوردی سستە و ڕێپرتوارمان نییە. بەڵام ئەوەی بەڕێزیشت لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، ڕاست نییە. لەم یەك دوو ساڵەدا، چ لە هەولێر و چ لە سلیمانی کەمەڕێك کاری باش پێشکەش کراون و لەسەریشیان نووسراوە و تەنانەت لە شوێنە گشتیەکاندا دانیشتن و گفتوگۆیشیان لەسەر کراوە. هەندێك قەڵەمی باشیشمان هەیە، کە لە شانۆ دەگەن و ئەوەی دەینووسن، لە خودی پرسە شانۆییەکەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. من بێ نموونە چەند ناوێك دەڵێم، کە بەڕاستی هەوڵی جدییان لەم بوارەدا هەیە؛ (حەمەسوار عەزیز، حیدەر عەبدرەحمان و هەندێك تەقەلای ڕەخنەیی نیهاد جامی-یش).

لەم ڕوانەدا، کە لە سلیمانی مارا/ساد نەمایش کرا، چەندین گوتاریی ڕەخنەی جدیشی بە دوای خۆیدا هێنا، هەروەها ماوەیەك لەمەوبەر، کە (شوان عەتوف) کارێکی مۆنودارامای، هاوکات شانۆنامەی (سێ خوشك)ی چێخۆف هەر لە سلێمانی نەمایش کران، بەهەمان شێوە کەمەڕێك گوتاری ڕەخنەییان بە دوای خۆیاندا هێنا. کاری جدی هەمیشە، کاردانەوەی جدیشی لێ دەکەوێتەوە.

ڕەخنەگری شانۆیی بەهایەکی گرینگی هەیە و ڕێی ئەو تەنها ئەوە نییە، وەك ڕاوێژکارێکی بەسەلیقە، ڕێنمایی بینەر بکات، تا کارێکی

باش ببینن و کارێکی خراپ نەبینن. هەروەها کاری ەخنەگریش ئەوە نییە، دوای بینینی نەمایشێك خاەە باش و خراپەکان دەستنیشان بکات؛ ەخنەی شانۆیی زۆر لەوە گرینگتر و پرسەیەکی ئاەزتریشە. هەموو فۆرمەکانی هونەر، شانۆ، مۆسیقا، وێنەکێشان... هتد، بەبێ ەخنە و ەێی ەخنە، بەێای من لەژێر هەرەشەدایە. هونەری مۆسیقا و وێنەکێشان بە تەواوی لەم بوارەدا فەرامۆش کراون و هیچ شتێك لەسەر پێشانگا و کۆنسێرتە مۆسیقییەکان ناوترێت و نانووسێت، بە ەاستی ئەمە کارەساتە.


شانۆ هونەرێکی گرانە، هونەرێکە بە ئاسانی ناگەیتە دوا ئەنجامەکان، ەخنەگری شانۆیش دەبێت ئەم ەاستییە بزانێت، ئەو توانا و جورئەتەی هەبێت، پەردە لەسەر نەك تەنها هەەکان، بەکوو لەسەر توانای هونەرمەندەکانیش هەماەت. باشترین ەخنەگرەکانی شانۆیش ئەوانەن، کە ەژانە لە هەی پرۆفەکاندا دادەنیشن و چاودێری پرسەی داهێنان و هەنگاو بە هەنگاوی کاری ئەکتەر و ریژیسێر دەکات. ەخنەگر چاوی سێیەم و خوێنەری سێیەمی نەمایشەکەیە، دوای ئەکتەر و ریژیسێر، ئەو نەمایشکە دەگەیەنێتە ئاستی گەشە و تەواوی پرسە پراکتیکی و کردەییەکە شیدەکاتەوە و توانای کردنەوەی کۆدەکانی هەیە. من لەو بۆچوونەدام، هەندێك یان چەند ەخنەگرێکی دیاری کراو تا ئاستێکی باش ئەو توانایەیان هەیە. بۆگومان بینەر یاخود ریژیسێر و ئەکتەرەکان چەند هاوەان لەگەێ ئەوەی ەخنەگر دەینووسێت، ئەوە شتێکی تۆ و گرینگیش نییە.

شاخەوان سدیق/ ەخنەگری شانۆیی تا چەند پێویستی بە تیۆری شانۆ هەیە بۆ ئەوەی رەخنەگرێکی باش بێت؟ ئایا بنەمایەکی تیۆری بۆ ەخنەگر پێویستە؟

دانا ەئووف / ەخنەگرێکی باشی شانۆیی دەبێت لە شانۆ بزانێت و لە هونەری شانۆ بگات، شانۆ ئەدەب نییە و ئەو کەسەی ەخنەی شانۆیی دەنووسێت بە شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندی بە شانۆوە هەبێت. کاتی خۆی ئەو کەسانەی ەخنەی شانۆییان دەنووسی کەسانی پسپۆر نەبوون، بەکوو زیاتر ئەو کەسانەبوون، کە سەرقاڵی ئەدەب و ەخنەی ئەدەبی بوون، وەك کارێکی ئەدەبی باسی ناوەەك و بنەما هزرییەکان و دەقە شانۆییەکەیان دەکرد، نەك لایەنە کردەییەکە و ئێستاتیکای شانۆ. لە هەشتاکانەوە ئەم ەچکەیە گەاوە و ئەوانەی ەخنە دەنووسن بەشێکن لە شانۆ و کارە شانۆییەکان. من خۆم، بەرلەوەی بنووسم چ وەك ئەکتەر و چ وەك ریژیسێر کارمکردووە، ئەزموونی شانۆ و لایەنە کردەیی و پراکتیکییەکەم گواستۆتەوە بۆ نێو گوتارە ەخنەیی و

شانۆییەکان.
تیۆری شانۆیی و شیکردنەوەی دەق و تێگەیشتن لە پێکهێنەرەکانی تری نەمایشی شانۆیی، رەخنەگر لە نەمایش و سروشتی کارەکە زیاتر نزیك دەکاتەوە و دیدە ئێستاتیکییەکەی لە ڕاڤەی ریژیسۆر و خوێندنەوەی نەمایشەکەدا دەردەکەوێت. ئەمە نامانەوێت رەخنەگر ریژیسۆر و ئەکتەر بێت، بەڵام پێویستە لە کاری ریژیسۆر و ئەکتەر بگات، زانیاری لە مۆژووی شانۆدا هەبێت و لە بنەما دراماتۆرگییەکانی دەق/نەمایش بگات.

ڕەخنەیش چەندین ڕووباز و تەوژمی تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت ڕەخنەگر بزانێت لە چ بنەمایەکی فەلسەفی، دەروونی، جوانکاری یان هەر ڕووبازێکی تردەوە، نەمایشەکان دەخوێنێتەوە. ئەمەیش پێویستی بە ڕاهێنانێکی قووڵ و گشتگر و هەمەلایەن هەیە. لەبەر ئەوە ڕەخنەگرێکی باش بەبێ بنەمایەکی تیۆری نابێت بە ڕەخنەگرێکی باش و هەرگیز ناتوانێت کەد و سمبۆلەکانی نەمایش بدۆزێتەوە و نووسینەکانیشی بریتی دەبێت لە داڕشتن و وشە ڕیزکردن.



ئۆفیلیای شەکەسپیرو ئۆفیلیای ماردین ئیبراهیم ... هەردەوێ بارامی

هەبژاردنی کەسایەتی ناو شیعری داستانئامێز گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دادەنرێت بە یەکێك لە کێشەکە سەرەکییەکانی ناو بینای ئەو جۆرە قەسیدەیە، جا ئیتر ئایا ئەو پاڵەوانە یان راستر بڵێین ئەو کەسایەتییە هێزی بوونی لە ناو ئەو قەسیدەیەدا لە کوێوە هێناوە، لە کەلتووری کوردیەوە، لە کەلتووری گەلانەوە، یان لە خەیاڵدانی شاعیرەوە؟ تا چەندێك کاریگەرە لەسەر بوون و هەستی خوێنەر؟ ئایا وەکو نوێگەری کەسی تر پێش ئەم بەکاریهێناون یان نا؟ پاشان ئایا تا چەند گرێ و زنجیرەی کێپلەکان لە خێ دەگرێت و مانای شاراوەو ئاشکراکانی دەقەکەی پێ دێتە دی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو؟! ئەم پرسیارانە دەبێت لای ئێمە گرنگییەکی زۆری هەبێت چونکە وەك پێویست تا ئێستا نەخراوەتە ژێر تیشکی لێکێینەوەی زانستییەوە.
لەم دەرفەتەدا و بێ زیاتر نزیک کردنەوەی ئەم باسە دەمەوێت نموونەیەکی پراکتیکی بهێنمەوە لە ناو شیعری شاعیرانەوە. ئەو نموونەیەش کەسایەتی (ئۆفیلیا) یە.

.....

بێ ئەوەی بزانین ئەم کەسایەتییە کێیە پێویستە بگەێینەوە بێ ساڵانی 1602و چاوێك بخشێنین بە شانامەی (هاملێت)ی نووسەری بەناوبانگی جیهانی (شەکسپیر)دا:
هاملێت باسی بێ سەرهاتی شازادەیەکی دانیمارکییە کێ لێ سەفەرکەی لەئەمانیاوە دگێڕتەوە بێ کێشکەکەی خێی تاکو لێ ێووسمی ناشتنی باوکیدا، کێ بێ شێوەیەکی ناڕوون مردووە بڕشداری بکات. چنیێتی مردنی پاشا نادیارێ. دوای ماوەیەك هاملێت دەبینێت کێ دایک و مامێی بوون بێ هاوسەر و پێکەوە خەوتوون. ئینجا لێ شێوەکدا ێحی باوکی هاملێت دێتێ خەوی و پێی دڵێت کێ چۆن مامێی هاملێت کوشتنەکەی ئەنجامداوەو داوا لێ کوێکەی دەکات تۆڵەی بسێنێت. هاملێت دوای ئەو شێوە دەست دەکات بێ لێکێینەوە و دەزانێت کێ باوکی خۆیستکەی خێیشی (واتێ ئۆفلیا) لێم قتڵدا بڕشدارێ. ئۆفیلیا بێ نەخشەکانی هاملێت بێ کوشتنی باوکی دەزانێت و دوای ئەوێ کێ باوکی دەکوژرێت، شێت دەبێت و خێی لێ ناو ێووبارەکدا دەخنکێنیت. لێ ئێنجامی شانەکدا هاملێت مامێی دەکوژێت و خێیشی

دەمرێت.
.....

بە کارهێنانی ناوی (ئێفیلیا) چەند جارێك لە شیعری (رافایل)ی ماردین ئیبراهیمدا هاتووە، لەم شیعرەدا 3 کەسایەتی بوونیان زاڵە بەسەر سێبەری دەقەکەداو لە زێر شوێندا جێەو دەگرنە دەست:
1- من / شاعیر/ بۆژەر/ خوێنەر
2- رافایل
3- ئێفیلیا
جا بە حوکمی ئەوەی لە زێر لە شیعرەکانی شاعیردا سوود لە تێڵەجی(1) و داستانە مۆژوویەکان و چیرۆکە ئاینیەکان وەرگیراوە، جێی خۆیەتی یەکەم ناساندمان بێ رافائیل(2) سوود وەرگرتن بێت لە تەورات کە دەڵێت رافایل سێهەم فریشتەیە لە نێوان 7 فریشتە پایە بڵندەکان، هەروەها بە زمانی عیبری رافایل مانای (خودا شیفابەخشە) دەگەیەنێت.
گەر کەمێك دوورتر بکەوینەوەو بچینە نێو دنیای ناودارانی هونەریی جیهانی ئەوا دەتوانین بڵێین (رافائیل سانزیۆ)(3) وێنەکێشی ئیتالی 1483-1520 سەردەمی نەهزە بوو، کە باوەڕ ناکەم مەبەستی شاعیر ئەمەیان بێت.
بەڵام ئەوەی جێی باسە و ڕەنمونی خوێنەرانی پێ دەکەم ئەوەیە ماردین ئیبراهیم دەسکاری کەسایەتیە مۆژوویی و تێڵەژیهداستان و ئەفسانەکان دەکات و لە خزمەت مانای دەقدا تەوزیفیان دەکات و جارانێکیش تێکەڵیان دەکات و شتی تریان لێ دروست دەکات، ئیتر ئایا تا چەند لەم گەمەیەدا سەرکەوتووبووە ئەوا ئەو بڕیارە بێ خوێنەران جێدەمێنێت.
.....

ئێستا با چەند نموونەیەك بهێنینەوە لە بەکارهێنانی کەسایەتی ئێفیلیا لای ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافایل)دا:

(بێ تێ بوو ئێفیلیا بێ تێ بوو
بێ تێ بوو بابی من شەی لەگەڵ تاتارەکاندا هەڵگیرساند
لەبەر تێ ئاگری بەردایە ڕۆما
بە هەڵمی دە ریا سوێند دەخۆم،
) لەبەر چاوی تێ سێ جار دەست دەدەم بەهەتاوی زستاندا
.....
(بێشکەی ئێفیلیام بێ رانەدەژێنرا)
.....

تۆ لە کوێی رافایل
ساڵی دەیەشە گەورەکان
بۆ ساتێکی کەم غافڵ بووم و
لە ناو دوکەڵدا رافایلم ون کرد
ئیتر کاتێکمزانی من لە وڵاتی تیمساحەکاندا بووم
.....

بەو دەستانەی خۆم رافایلم ناشت
قەبرێکم لەسەر ڕێگای ماڵی ئۆفیلیا بۆ لێدا
.....

بە هەر خاکێکدا ڕەت بووبا
هەزار ساڵ باران نەدەباری
بەڵام هەر کە ناوی ئۆفیلیایان دەهێنا
ئەو مات دەبوو
سەری لەبەر خۆی دەناو دەیگوت
عەزابم مەدە ئۆفیلیا خۆ من کێلەی تۆم
چۆن وا دەبێت ئۆفیلیا
دەردم گرانە ئۆفیلیا
.....

لە لایەکی تڕەوە، لەم کۆپلانەوە تێدەگەین چۆن شاعیر دەیەوێت پەلکێشی کاریگەریی کەسایەتی مێینەمان بۆ بکات لە سەرانسەری مێژووداو ێێی لە گێانکاریەکان و کاریگەریی لەسەر ڕەگەزی نێر چەندە، هەرچەندە بە بازوو زۆر بەهێز نەبێت بەڵام جۆرێك لە هێزی تریان هەیە و بەو خاوەندارییەتیەش دەتوانێت تەواوکاری مانای پیاوبوون و بەردەوامی ڕەوتی ژیان ێێکبخات، بەڵام هەموو کات ئەم کاراکتەرە بە دڵی نووسیارو شاعیران لە واقیع و دەقەکاندا ڕێ نابینن، وەك لای شەکسپیرو ماردین کەوتووەتەوە.
.....
لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە نووسەرانی تری کوردیش سوودمەند بوون لە شاکارو داستانە جیهانیەکان و سوودیان لە کەسایەتیەکانی ناویان وەرگرتووەو دایانڕشتوونەتەوە، وەك چۆن (شۆرزاد حەسەن) لە دەقێکدا ناوی (ئۆفیلیا)ی بەکارهێناوەو دەڵێت:
(ئۆفیلیای جوان
ماڵئاوا لێتۆش، ماڵئاوا
لێکۆڵ پاکیزەیی خۆت وەك کاژی مار فڕێدا
)! ئەی یاری ڕۆژانی دڵساردی و شەوانی دڵگوشران

.....

پەراوێز:
Theology(1)
RAPHAEL(2)
(Raffaello Sanzio(3

ماردین ئیبراهیم سێبەرەکەی خۆی نەدیتووە؟! ... نەجمەدین سادق شێخانی

ماردین ئیبراهیم لە ساڵانی نەوەدەکانەوە دەنووسێت، خاوەنی گیانێکی پڕ ئەشکەنجەی نەوەیەکی خۆرلەخۆ نەدیوی تاکی کوردە، زایەڵەیەکی نووساوە بە ڕووی ئەو جەندرمە تارماییپەرستانەی سەردەمانێك دەوەڕین بە چنارە باڵا بەرزەکان و لە بازگەکاندا خاوەنی گیانە بێتاوانەکانیان دائەگرت و بە گومانی سیاسەتکردن لەگەڵ گوڵەڵە هەڵوەریوەکاندا تیربارانیان دەکردن، سامان و باج و خەراجی دوورو نزیکیان بە تاڵان دەبردو بە زمانێکی بادەنێشانەوە فەرمانی دەسگیرکردنی هەتاویان دەردەکردو لەگەڵ چەقەڵەکاندا مەزەیان ساز دەداو (10) دینارە سویسریەکانیان دەکرد بە بەرکی سێزانیە سەماکارەکانەوە، شاعیرەکانیان ڕاو دەناو ئاوارە و شاربەدەریان دەکردن، تا سەری خۆیان هەڵگرن و شتێك لە فەرهەنگیاندا نەبێت ناوی نیشتیمان بێت، خاکێك دڵکە بێبەزەییەکانیشی هەر ئازاری دابن و هەڕەشەی مەرگی لێکردبن، بەڵام سەرفرازانە ویژدانی خۆیان لەدەست نەدابێت و نە نوشتابێتنەوە بەسەر باڵای قەزەمی بەمەڵا و ناپاك و بازرگانەکانی نەتەوەدا.
لە بەرانبەریشدا ئاکار محەمەد لە سەرتاکانی 2009 دا دەستی بە نووسین و ئەدەبیات کردووە. خاوەنی خەڵاتی فیستیڤاڵی (ئێستان أسفهان) لە تارانە کە وەک شاعیرێکی شاری سلێمانی پلەی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی بە دەست هێناوە!

لە ڕۆژنامەی (چاودێر) و (کوردستانی نوێ) بەشی ئەدەب و هونەرکەی

تەکستەکانی بەاودەبنەوە! خاتی دووەمی (دەزگای ڕۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو بە ناو نیشانانی ((شاعیرێک لە مەدرنە هەندەت))!

هەروەها یەکێتی نوسەران لقی سلەمانی خاتی ڕۆزلەنانی پەبەخشیوە لە 2016 دا؟ خاوەنی کتەبە شیعری (هەزار خەون و یەک نیشتیمان) ــە.

بۆ ئەم زانیاریانە بنواە ماڵپەڕی:
www.kurdipedia.org/ئاکار محەمەد

تا ئێرە جێی سەرسوەمان نییەو شتێکی ئاساییە بەمجۆرە لە هەر شاعیرێك بدوێیت، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانێ یەهوودا) ی ئاکار محەمەد دا تارماییەکی ڕەش بەرچاومی تەنی و نزیك بوو لە هەشخەڵ بچم، نەمزانی من دەقی ماردین ئیبراهیم دەخوێنمەوە یان ئاکار محەمەد؟! لە دڵی خەمدا وتم چۆن شاعیرێکی وەك ماردین ماندوو بوو بێت و لە ئاکامی ئەزموونی ژین و نووسین و خەماندووکردن بووبێتە خاوەنی ئەو شێوازەو شاعیرێکی تر بێت بە هەمان کەرەسەو بابەت و سیمبۆڵ و ڕوئیایەوە شیعرێك بنووسێت و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوەو شانازی بەوەوە بکات داهێنەری بێ نەزیرەو بە دوکەڵی جگەرەیەکەوە وێنە بگرێت و جانتایەك بکاتە شانی وەك ئەوەی پێ بێت لە مەعریفەو فەلسەفەو خەم.

دڵی خەمم بەوە دایەوە کە هەموو شتێك ساختە دەکرێت لەسەر ئەم پارچە زەویەو لەم زەمەنە بێ سەروبەرەیەدا کە زۆربەی مرۆڤەکانی بە بێ سەر دەژین و هاتووچۆ دەکەن و دەخۆن و دەخەون، تەنانەت ئەوانەش خۆیان بە شۆشگێڕو پێشەوو و کاربەدەست و خاوەن بڵوانامە دادەنێن ساختەن، ئیتر بۆچی سەرسام دەبیت بە ساختە کردنی شیعر و شاعیر؟!
پاشتر بۆیارمدا بۆ ڕاگرتن لەم جۆرە ساختەکردنە مەعنەویە ئەم گوتارە بنووسم و خوێنەرانی سادەو چەواشەکراوی پێ ئاگاداربکەمەوە، کە نازانم چۆن تا ئێستا ئەم نموونەیەو دەیان نموونەی تری ئاوها بەسەر خوێنەراندا تێپەڕ دەبن و کەس نوتقی لێوە نایەت؟ مەگەر لە 21/12/2016 شدا لە ماڵی وەفایی کۆمەك بۆ ئەم شاعیرە ساز نەکرا؟ دەبێت بۆیاردان بە هەڵبژاردنی بەدەنگی بەرانبەر ستەم و گەندەڵی دەسەڵات هەموو گەندەڵیەکی تری شاردبێتەوەو خەڵکانی بێدەنگ کردبێت؟! یان لە فەرامۆشکردن و ڕووکەشگرتنی ئەدەبدا وا خوێنەران چاوپۆشی لەم دیاردانە دەکەن؟!

ئێستا من دەمە سەر بەراوردکردنی شێوازو نموونەی دەقەکانی ماردین

و لە بەرانبەریشدا هێنانەوەی نموونە لە دەقی (یەهوودا، ئاو بردانی یەهوودا) ی (ئاکار محەمەد).
ماردین ئیبراهیم بە کارکردن لەسەر کەسایەتی و رووداوەکانی مێژوو، ئازارو خەمەکانی خەی بەرجەستە دەکات بێ جیاوازی لە نێوان زۆرترین کاریگەریی لەسەر ویژدان و هەستی خوێنەر، وێنەکان تراژیدین و جانەوەرەکانی ناویشیان لاوازن، زمانەکەی نزیکە لە ناو واقیع و دەربڕینی راشکاو بێ گێڕانکاریەکانی دەوروبەر، پاشوپشکردنی کێپلەکان هیچ ناتەبایی لەزنجیرەی پێکەوەبەستنی کێپلەکان لەق ناکات.
ئەم تەوژمەش لە بەختیار عەلیەوە درێژ دەبێتەوەو زمانێکی داشتنی پەخشانی لە خێ دەگرێت و بە دەیانی وەکو (ئاکار محەمەد) دوایی دێت. بەڵام ئەوەی نابێت باسی نەکەین ئەوەیە کە هەرچەندە لە ناواخندا گیانی مەزڵومی و لاوازیی و چەوساندنەوە دەنوێنێت، بەڵام تا سەر ئێسکیش نەفرەتکردنە لە پیاوکوژان و ستەمکاریی و مافیاکانی مەنزومەی دەرەبەگایەتی و جەهالەت، گیانی بەرەنگاربوونەوە لە خوێنەردا دەجوڵێنێت، کە شایستەی ستایشە.

ئێستا بابێینە سەر بەرواردکاریەکانی نێوان ئەم دوو شاعیرەو بیاری کێتایی بێ خوێنەران جێ بهێڵین.
ماردین ئیبراهیم/ لە دەقی (خەدیجە، یاسەمینەکانی مردن) دەڵێت:
ئەو هەموو یەهودایە
ماچی یەهوودا بە لێوتانەوەیە
نە بادا یەهودایەکی خەوتوو.

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بردانی یەهوودا):
لەم شیعرە کورتەدا (17) جار وشەی یەهوودای بەکارهێناوە، لەو بڕوایەشدام نازانێت یەهودا چیەو کێیە.

بێ نموونە دەڵێت: ئاخ یەهوودا، یەهوودا ماوە، یەهوودای من... هتد
* ماردین ئیبراهیم، دەقی (یاسەمینەکانی مردن):
بۆنی بخوردەکانی بەرائەت
* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بردانی یەهوودا):
بخوردێکان داگرسێنێ

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (پێکەوە پاڵمان بە جێلانەی منااڵکەوە نا):
لە دەشتی کەنعانیش نەبێت، رێژك گورگك هەر دەمانخوات

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
بۆ ناو بیابانەکانی کەنعاندا… گورگیان تێبەردەداین

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (پێکەوە پاڵمان بە جۆلانەی منااڵکەوە نا):
قورئان ئەبا بۆ ئەرشەلیم
تەورات ئەبا بۆ مەدینە

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
بۆ سەرخاوەک لە حیجازەوە،
دەگەیشتینە ئەرشەلیم

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (رافایل، خەدیجە):
– گوێی لە ناڵەی ئیبلیسێکی زامدار نەبێ
– ئیبلیسەکانی ناو سەرم

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
ئیبلیسە غەمبارەکان (2 جار)

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (فلاورا):
حەجاجەکان حوشترکانیان لە حیجازەوە دەبرد بۆ یەمەن

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
سەری خۆی هەڵگرتووە بۆ حیجاز
لە یەمەن ڕەجمی براکانم دەکرا

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (خەدیجە، یاسەمینەکانی مردن):
– یوسف بۆ لە بیرەکەی ئاوەدایە…
– بەرامبەر کراسە خوێناویەکان

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
بۆ دوای کراسەکەی "یوسف"دادەگەڕێم

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (رافایل):
مارەڵکەیەکم بۆ ئاو نەدەدرا

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بەردانی یەهوودا):
یارییم بە کلکی مارەڵکەکان دەکرد

* ماردین ئیبراهیم، دەقی (رافایل):

کۆتر لە گیرفانەکانیانەوە نە دەفڕی

* ئاکار محەمەد/ دەقی (یەهوودا، ئاو بڕدانێ یەهوودا):
دڵنەوایی کوکوختییەکانم ئێدایەوە

ئەمەو جگە لە زڕبەی زاراوەکانی تری ناو ئەم شیعرەی ئاکار لە زڕبەی شیعرەکانی تری ماردیندا هاتوون وەك:
کەڵان، دایك، ساحیرەکان، کاروانچیەکان، ئای لەو ئازارەی، وای لە زامی، خوێن... هتد

لە کۆتایدا دەپرسم گەر ئەم هەموو هاوشێوەییە هەبێت لە ناو یەك شیعری تازە شاعیرێکدا لەگەڵ شاعیرێکی تری پێش خۆیدا، ئایا چی بێ ئەم شاعیرە دەمێنێتەوە لەناو ئەم شیعرەدا کە هی خۆی بێت؟ بەڵێ ئاسایییە هەندێك لە دەستکورتیدا ناراستەوخۆ چاولێکەرییەکی کەم دەکات لە کەسانی تر، بەڵام قەد بەم جۆرە نابێت بە چوار پەلە بکەوێتە ناو و وای دابنێت شتێکی باشی کردووەو خوێنەرێکی هوشیاریش نابێت پێی بزانێت؟!

کتێبی دوێت لە نووسینی سمکۆ محەمەد لە چاپ هاتدەر

کتیبەکە قەبارە مامناوەندیە و بریتیە لە 300 لاپەرە و موناقەشەی جەمکی دەولەتی کردووە، دەوڵەت لە رووی میزووی و مودیرن و شیوازەکانی دەولەتی نەتەوەیی، دەولەتی فرەیی لە کولتوور و موڵتی کەڵچەر و هتد و رەخنەی لە دەولەتی مودیرن کرتووە

ئەم کتێبە دەست دەکەوێت لە کتێبخانەکانی کوردستان

ئەمی خوارەوە پێشکی کتێبەکەیە:

پێشەکی

مەسەلەی دەوڵەت بەدرێژایی مێژوو هەم لەرووی مەعریفیەوە بێتە جێگەی بایەخی میتۆدی کۆمەناسی سیاسی لە زانکۆکانی جهان

دەخونرێ، هەم لەرووی تیۆری سیاسیەوە بایەخی پێدەدرێت کەهەریەك لە تۆماس هۆبز و ژان ژاك رۆسۆ و هیگڵ و ماركس و هتد بەزانستیانە قسەیان لەسەر كردووە، هەم لەرووی جوگرافیی و نەتەوەیی و قەوارەییەوە بۆ كۆمەڵگەیەك، یان ئاینەكان یان نەریتە جیاوازەكان كە لەرووی مێژوویییەوە لەرگەی هێزو سوپاوە وەدەستهاتووە موناقەشەی كراوە و ئەنجامێكی بەدەستهێناوە كە مافی هەر نەتەوەیەك یان كۆمەڵگەیەكە ئەگەر داوا بكات خاوەن قەوارەیەكی سیاسی لەو شێوەیە بێت، ئەمەش بۆ نەهێشتنی ئەو گرێ سایكۆلۆژیە سیاسیەیە ماوەتەوە، بۆیە تائێستاش هەمان كەشوهەوای سیاسی پێوەدیارە كە بەئاسانی بۆ نەتەوەكان بەدەست نایات و بۆ هێزە گەورە و خاوەن دەسەڵاتەكانیش ئاسان نییە دەستبەرداری ئەو جوگرافیاییانە بن، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی كە تائێستا فرەستیان بۆ نەڕەخساوە ببن بە دەوڵەت و نوێنەریان هەبێت لە نەتەوە یەكگرتووەكان.

دەوڵەتی نەتەوەیی ئەگەرچی پێشتر داواكارییەكی گشتی بوو و لەووی نوێدەوڵەتیشەوە رەوایەتی سیاسی وەرگرتبوو، بەڵام زیاتر لەدوای شكستی سۆڤیەت و نەمانی دوو جەمسەری و نەمانی چەمكی ناسیونالیزم بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت لەلایەن نەتەوەوە، بێتە مەسەلەیەكی لاوەكی و چێتە دەرەوەی ئامانجی نەتەوەكان، چونكە نەمانی دەوڵەت جگە لەوەی هیچ بەهایەكی نەماوە دوای ئەوەی رۆژئاوا دەوڵەتی فرەیی لە مەزهەب و ئاین و نەتەوە و كولتوور و ئەوانی دیكە، لێرەوە ئەم قەوارەیە بەخاتری ئەوانی دیكە كە لەپەنای نەتەوە بۆ دەوڵەتەكانن تاكو نەبنە پەراوێز و جارێكی تر نەتەوەی سەردەست و ژێردەست دروست نەبێت، ناو و شوناسی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕا، نمونەش ئەوەیە كە داواكاری دەوڵەتی كوردی گۆڕا بۆ دەوڵەتی كوردستان، چونكە لەپەنا كورد سریانی و كلدانی و توركمان و پاشماوەكانی عەرەب، كولتووری غەیرە كوردی لە كوردستان هەن، بۆیە ئەو پێشنیارە قەبوڵ كرا كە دەوڵەت بەناونیشانێكی دیاریكراوی نەتەوەییەوە نەمێنێت، بەڵام شوناسی نەتەوە لەدەست نەدات.

بەهەرحاڵ ئەمە لەم تێكستەدا موناقەشەی هەموو لایەنە میتادی و سیاسی و مێژووییەكانی ئەم چەمكەمان كردووە بەپێی سەرچاوە باوەپێكراوەكان، بەڵام ئامانجەكە خودی ئەو مانا نوێیەیە كە لەدوای هاتنی چەمكی جهانگەرایی هاتە ئاراوە، بۆیە مانایەكی دیكەی موناقەشەی نوێ بۆ دەوڵەت، ئەو فەزا ئابوورییەیە كە لەجیاتی ئەوەی وەكی جاران دەوڵەتی گەورە كۆمپانیا بباتەوە، ئێستا بەپێچەوانەوە بۆ رزگاربوونی دەوڵەت لە ئەركە قورسەكانی، هەروەها

بۆ گۆڕینی گرێبەستی نێوان هاوڕاتی و دەوڵەت کە دیاریکردنی ئەرك و مافی بوو لەنێو دەستووردا، ئێستا کێمپانیاکان جێگەی سیاسەتی دەوڵەتیان گرتەوە و خەڵك بەڕێوەدەبەن، یان ئەسەن هەندێکجار دەوڵەت بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان دروستدەکەن لەرێگەی ئەو سامانەی هەیانە، نمونەش هاتنە پێشەوەی بەدەوڵەتبوونی ئەمازیغی و سکۆتلەند و کوردستان و کەتەلۆنیا و قرمی ئۆکراینا و هتد. هەروەها ئەو دەوڵەتچکانەی کە لە نەخشەی رژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناویان هاتووە کە لەرووی جوگرافیایەوە سەر بەدەوڵەتی گەورەی وەکو ئێران و تورکیا و سعودیە و لیبیا و جەزائیر و تەواوی وڵاتانی عەرەبیین.

ئامانج لەم کتێبە ئەوەیە کە کورد و ئەو نەتەوانەی وەکو کوردن و هەمیشە ستراتیژی سیاسیان بەئاراستەی دەوڵەتە، ئەوەیە کە درەنگ فریای ئەوە کەوتن بچنە نێو هاوکێشەی سیاسی و ببن بە لایەك و لەرێگەی ئەو لایە سیاسیەوە بناسرێن، ئەم بڕچوونەش ئەگەر نیگەتیڤ نەکەوێتەوە، ئەوەیە کە دەوڵەت لەم سەردەمەدا دەسەاتە سیاسی و ئابوریەکەی هێندە سنووردار نەکرابا، تائەو جێگەیەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەهای جارانی نەمێنێ، چ لەناو مەحفەلی نێودەوڵەتی و چ لەئاستی نێوخۆ، چونکە بەگشتی ئەو ویستە گشتیەی جاران هەبوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەرێگەی ئامانجێکی سیاسی و سەرکردەکانیەوە، ئێستا ئەو ویستە بەشێوەیەك لەشێوەکان کە سیاسیەت تارادەیەك شەفاف بووە و بووەتە کردەیەکی ناشیرین، بەوپێیەی کە لەنێو خۆشدا ئەو بەهایەی نەماوە، بەقەد ئەوەی خەڵك ویستە گشتیەکەی بۆ خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاینەکان زیاترە، ئەمە کاریگەری لەسەر بوونی فکری ناسیونالیزمیش کردووە بەرامبەر بە ئەوانی تر، مەبەستم نەتەوەیەکی وەکو کورد دوای شاهیدی ئەوەبوون سیاسەت رادەستی بازار و ئابوری کرا، ئیدی نەتەوەخوازی وەکو ئامانجێك بەهایەکەی جاران نەما. ئێمە لێرەدا تائەو جێگەیەی فریای چەمکە سیاسیەکانی پەیوەست بە چەمکی دەوڵەت دەگات، هەموو لایەنەکانمان موناقەشە کردووە چ بەپێی لایەنە فەلسەفیەکە بێت چ لایەنە مێژوویەکە بێت، چ ئەوەی ئەو ستایلە نوێیە پێناسەیەکی نوێی بە چەمکی دەوڵەت داوە، بەهیوای ئەوەی ئەم کتێبە بتوانێ موناقەشەیەکی فکری بەرهەمبهێنێ.

سمکۆ محەمەد
20/4/2015

گۆڵکی پیر بەیانیان بۆنی هەژاری لێ دێ … بەختیار محەمەد

لەوانەیە تەمەنی (70) تێپەڕیبێ
تەنها هاوڕێمەکەی بزنەکە:
بزنەکی هەش و سپی قەڵەو
پاك هەر لە ژنەکی جوان دەچێ:
ژنەکی سپی قەڵەو
کە لە جلەکی هەشدا بێ.
هەموو بەیانیەك
لەگەڵ خۆی دەیگێڕێ.
ئەو پیاوەکی هەژارە
وتی: ((7 سەر خەزانین،
تەنها ئەم بزنە
بژێویمان دابین دەکا)).
هەموو بەیانیان
زوو زوو،
خۆی و بزنەکەی
لە کۆڵانەکان دەبینم.
پێدەچێ ئەم بزنەی
زۆر خۆشبوێ
ئاژەڵەکەش بەختەوەر دیارە،
کەیفخۆش لەسەر گژ و گیا و
گەڵای لکە درەختی بۆاوی بەرماڵان
دەڵەوەڕێ.

×××

ئەو پیاوەکی پیرە،
بەڵام گورج و گۆڵ دیارە
بزنەکەش وەك ئاسکەکە هەر لەو دەچێ.
باشە گریمان بزنەکەی بمرێ
ئەو چۆن دەژێ و چ دەکا؟

بۆ گومان هەست بە تەنیاییەکی قوڕ دەکا.
بژۆی ماڵەکەش
وەك کوخی دێی بووەژنێك دادەتەپێ.
ئەی ئەگەر پیرەمێردەکە مرد،
ئەوسا کێ هاودەمی بزنە بەختەوەرەکە دەبێ؟
ئەمەیان کەس نایزانێ…
ئای ژیان لێرە چەند سادەیە!…
ئای چەند تاڵە،
کە هەژاری بەسەر ژیاندا
سەردەکەوێ!

لێیلا کۆڤێن پێیامێکی چیبوو بۆ باشورو بارزانی؟ ؟ … شوانێ حەسەن ئەبوبەکر

لێیلا گۆڤێن کە یەك لە پڕڕلەمانتارانی مەزهەب پەکەکەی سەر بە حزبی هەدەپەیە دەڵێ: دەبێ بارزانی و دەسەڵاتدارانی هەرێم خاکی باشور بە تورکیا نەکەنەوە و ئەمە لە ئاست هەڕەشەی لەو جۆرەدا تەماشاکەر نابین.

سەیرە .. پەکەکە لە کاتێکدا ئەم داوایە لە دەسەڵاتی باشور دەکات و چاوەڕوانی ئەوەی لە هەیە ر لە لەشکرکێشی تورکیا بگرێ، کە خۆی هیچ ئیعتبارێکی بۆ ئەو دەسەڵاتە دانەناوە و نە ئیعترافی پێدەکات و نە ڕەزی دەگرێ، یاسا و سەروەری و شەرعیەتی پێشێل دەکا، وەك ماڵی بۆ ساحێب لە باشور دەڕوانێ و تەراتێنی تێدا دەکا، سوپای تورکیای بۆ پاڵکێش دەکا و بۆ دەربەست شەڕ و زەرەرو زیان توشی خەڵکەکەی دەکات. کاتێکیش سوپای تورك ڕاوەدوویان دەنێ، داوا لەو دەسەڵاتەی هەرێم دەکات کە خۆی قەت ئیعتباری بۆ دانەناوە، ڕێگری لە سوپای تورکیا بکات.

لە ڕاستیدا بڕ لەوەی سوپای تورکیا سنوری هەرێمی بڕاندبێ، ئەوە پەکەکەیە سنور و دەسەڵات و شەرعیەتی هەرێمی پێشێل کردووە و خۆی

کردەتە کۆنگرا و باشوری کردەتە شۆنگەی ململانێیەکی بێ سەرەنجام لە گەڵ تورکیا. ئەوەی خاکی باشوری بە تورکیا کردەتەوە پەکەکەیە نەک حکومەتی هەرێم، ئەوەی سوپای تورکیا بە باشور پێلکێش دەکات پەکەکەیە نەک دەسەڵاتدارانی هەرێم، ئەوەی ئیجازەی داوە بە تورکیا لەشکرکێشی بکاتە سەر باشور، راکردنی پەکەکەیە لە گەڕەپانی راستەقینەی خەی و خەباسدانیەتی لە باشور، باشترین ڕێگریش لە لەشکرکێشیی تورك، بەخەداچوونەوەی پەکەکە و گەلانوایەتی بە گەڕەپانی راستەقینەی خەی و کۆتاییهێنانە بەو خەسەپاندن و کۆنگایەی لە باشور دەیکات، ڕەزگرتنی دەسەڵاتی شەرعیی هەرێم و لەبەرچاوگرتنی ژیان و ئەمنیەتی خەڵکەکەیەتی کە بەهەی پەکەکەوە لە مەینەتدان. سوپای تورك بە بەهانەی پەکەکە دەتە باشور، هەر پەکەکەش دەتوانێ ئەو بەهانەیە ببڕێ.

پەکەکە لە کاتێکدا بە هەنجەتی ئەوەی کە باشور تەنیا خاکی باشوریێکان نیێ و دەبێ بە خەباتی هەموو لایەك کراوە بێت، شەرعیێت بە وجودی چەکدارانەی خەی دەدات، کەچی خەی لە ڕۆژئاوا نەك ڕێگە بە کوردی پارچەکانی دیکە، بەڵکو ڕێگە بە کوردانی ڕۆژئاوایی غەیرە پەکەکەش نادات کە نەك هەر وجودی چەکدار بەڵکو هەڵسوانی سیاسییشیان هەبێت. لە پارچەکانی دیکەش شۆڕ بە حزبە ڕەسەن و خەماڵیێکان دەفرۆشێ و جگە لە خەی کەسی قبوڵ نیێ. سەیرتریش ئەوێ پەکەکە کاتێ بەم موزایەدە نەتەوێی و کوردستانییە باشور خەتابار دەکات، خەی تا سەر ئیسقان دژی خیتابی نەتەوێی و کوردستانییە و بە شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستی دەزانێ.

پەکەکە دەبێ بزانێ باشور بە هیممەتی بارزانی و گیانفیدایی پێشمەرگە و خەڵاگریی خەڵکەکەی، ئازاد و دانپێدانراو و پارێزراوە، بێ لەشکری هیچ لایەك کراوە نەبووە و نییە، ئەگەر پەکەکە بەهانە نەدات بە دەست سوپای تورکیاوە و باشور نەکات بە شۆڕگە، نە تورکیا و نە هیچ سوپایەکی دیکە ناتوانن بێنە ناوی.
٢٠ / ١ / ٢٠١٧

گۆڕەبون یان بچوکی گیان و یەکێتی لەئاست پارتیدا … هونەر جەمیل

. ژیگی لەت بوون لەکترازان (دابڕش بون) مەژوی دابڕش بون و لەت بون لەدونیای کانەوە باو بووە ،. سەرەتا لە کۆنیسەو ژیوتە ئاینییەکانەوە دەستی پێکرد تا دێگات بە ئێستا ..ئەم دابڕش بونانە لە پاڕیا کەم یا زۆر لایەن گریو پاشکێیەتی دروست دەکات هەنە جار حیزبێک یاخود گروپێکی پاوان خواز دەست بەسەر تەواوی جومگەو پێگە ئەساسیە کانی دەوڵەت دا دە گرێت .. بەمانەوە بەردەوامی دان بەم پاوان خوازییە یان چەواشە کاریو خۆتاندنە ، بانگەشەی نەتەوایەتی دەکات دروشمی نەتەوایەتیو بزواندنی سۆزی خەڵکو دروست کردنی خەفی سیاسی بەوی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر وڵاتە .

بەم ژیگایە دەسەڵاتی قۆرغ کاردێوە درێژە بەمانەوە خۆی بەدەسەڵات بدات .. زانای ئەمریکی (مەنگن)بەم جۆرە پێناسەی ئەم ژیوتە دەکات کەسی دیما گۆژ یاخود گروپی قۆرغ کار : ئە و کەسێیە کەڵەبازێک دە گرێتە بەر خودی خۆی دەزانێت کە نادروستە . بە ئەو کەسانەشی ئاماژەستە دەکات کە دەزانێت گەلەو نە فامن ..کەواتە سیاسەتی گەو جاندن لەسەر بنەمای درەو بەڕەنی بۆتاڵ دا دەڕژێت .. مەبەستم بو لە پاڵ بە پێویست زانینی یەک گرتنی گیانو یە کێتی . کورتە باسێک لە مەژوی جیابونەوە بکەم ..ئەگەر جیابونەوەی گیان لە یە کێتی بە هەی چەند هۆکارێکەوە کە لەو کات واتا لە ساڵی ۲۰۰۸ پێویست بوبێت .

ئەوا ئێستا یە ک گرتنو لەک نزیک بونەوەی ئەم دو هێزە زۆر پێویستە لە بەر چەن خاڵێک . ۱) بەهاوسەنگی هێزو گیانەوەی شکە بە یە کێتیو گیان چونکە لە ئێستا دا چی گیان چی یە کێتی بە تەنیا ناتوانن یارییەکی هاوسەنگ بکەن لە گەڵ پارتی جیابە جیا .. ۲) بە کردنەوەی یەک دەسیو یەک پاکیج سەبارەت بە مامە ڵە لە گەڵ تەواوی هێزە ئیراقیو کوردیە کاندا ..هەرچەندە خەیان ئەم خاڵیان کردەتە ناو ە ڵکەوتنەکە بەس بە ئەوەی پابەند بن پێوەی . ۳) بە گۆڕەبونی پێوەندییە نێو دەوڵەتییە کانی دو حیزب گرنگە چونکە هەومان ئەزانین پێوەندی ئەم دو هێزە لە گەل وڵاتان لە ئاستەکی

کەم و بچوکدایە ئەشتوانین بڵێین پەیوەندی ئەم دو هێزە تەنیا لە گەڵ ئەرانو حوکومەتی ناوەندا بە هێزە . ٤) لە پەناو سلەمانیدا . ٥) بەئاشتبونەوەی کەمایەتی هەموان دەزانین لایەن گرانو دەنگ دەرانی گەلانو یە کەتی پەیوەندی هاوبەشی سیاسیو شارو کەستیو هاوڵە یەتی بەیە کیەوە بە ستونیە تیە وە هەر لە خودی ڕێخۆرو سکرتێری دوحیزب تادێگات بە بچوک ترین ئەندامی دو حیزب .

لەگەڵ ئەوەی من تاادەیکی زۆر گومانم لە وەیە یە کیەتی پابەندی بەگە کانی ڕێکەوتنەکە بێت بەڵام ئەو ڕێکەوتنە پەویستە هەرچی زووە بەگە و خاڵە کانی بچنە بواری جێ بەجێ کردنەوە چونکە لە ئەستا دا بە هەی لە کار کەوتنی شەرعی ترین مو ئەسە ساتی هەرەم باری سەر شای هاوڵاتیان لە دەخێکی ناهەمواردایە هەرواها پاوەن خوازێکانی پارتی ئەگەر سنوردار نە کرێت دەچێتە حاڵەتێکەوە کە ئەشی دەرئەنجامە کانی قورس ترو کارەسات بار تر بن . دەبێت گەلانو یەکەتی دو ڕاستی بزانن یان دەبێت ئاوا جیا بەجیا مامەڵە لەگەڵ پارتیدا بکرێت . کە ئاوای نە گەلان نە یە کەتی جیابەجیا توانای بردنەوەی هیچ یارییەکیان نابێت لەگەڵ پارتی یان ئەوەتا دەبێت بەدەنگی بەرز بڵێن ئەوە ئەمەین بە پەژەو بەرنامەوە بە یەک دیدی سیاسیو یەک باگاراوندی سیاسییەوە مامەڵە لە گەڵ پارتی دا دە کەین و لە هێزی دووەمو سیەمەوە دەبینەوە بە هێزی یەکەم. یان دەبێت بەم بچوکییە. یە کەتی بە پاشکەی پارتیو گەلانیش بە تەنیا لە ساحەکەدا شەی پارتی بکەن بە ئەوەی بتوانن هیچ کاری گەرییەک دروست بکەن

چی وام لەدەکات دەڵێتی کوردیم پە خۆن بە! .... چالاکی ئەغجەلەریی

پەش هەر شتە ناوەک یان قەواریەک لە دونیای زانستی سیاسیدا نەبووە بە ژەر نوسی دوڵێتی کوردی ، ئەگەر بگەڕێنەوە بە مێژوو تەنها دەوڵەتی میدیەکان (ماد) کەمێژوو نوسان بە تایبەت

کوردەکان ، بە هەندە بەگە پشتەاستی ئەم کیانە سیاسیە دەکەنەوە هەرچەندە بە خەی ئەم پرسەش مشتومەی لەسەر، بەدوای ئەمدائەوەی چەکەرەی کردبە و هسکا بەت لە چند ئەمارەتەک بەولاوە هیچی دیکە نەبەتە ئەو بەهارەی کە ئەمە بتوانین وەکو بەگەیەکی مەژوویی جوگرافی سیاسی بەدەست و نەیارانی بسەلمەنین و بەرامەی گوەکانی لە خەمان بەدین ، هەرچەندە لە ئاستی چەندایەتیدا زەرترین نەتەوەین کە خاوەنی دەوەتی نەتەوە نین لە کاتەکدا دروستدروست بوونی دەوەتی نەتەوە مەژوەکەی دەگەتەوە بە سەدەی شازدە.

یەک لە پرسیارە زەر سادە و جدیەکان ئەویە بوونی ئەمە بەو چەندایەتیە زەرەوە بە لەماوەی ئەم چەند سەدەیەی بەسەرمان تەپەی کرد نەتوانرا وەکو تەواویگەلانی دونیا لە دونیای جیوپەتیکدا بوونی سیاسی وەکو دەوەت بوونمان هەبەت؟
بە وەامی ئەم پرسیارە دەگەمەوە بە ئەم ساتانە و ئەو مەژوە بەردەستەی وەک بەگە پشتەاستی وەامەکەمان دەبەت، یەکەم هەکارە دەرکیەکان و بەرژەوەندیووەاتانی زلهەز بە دوەنە و ئەمە ، هەرچەند بە ئەم هەکارەش کە دەەن سیاسەت هەنەرەکە دەبەت بە هوشیاریەوە مامەەی لەگە بکەیت ، بە دەنیاییەوە نە ئەوکات وبە ئەستاشەوە بوونی نەبووە نیە.

دووەەم هەکاری ناخەیە، کەمەگەیەک بە درەژایی مەژوو پە بەت لە قین و دووبەرەکی ، هەرلە دژایەتی ئەمارەتە کوردیەکانەوە تا چەرخی بیستەم و خەناساندنی پارتیسیاسی بە شەوەکی عەمەلی ، لە شەی شاخ بەرامبەر بە یەکتر و نەکەرایەتی ئەم بە دەوەتەکی دی دژ بە پرسی کورد لە پەناوی هەندە دەسکەوتی حزبی ، لەئاستی کەمەایەتیشدا جاشایەتی و دوپاتکردنەوەی وەلا بە دەساتی سەردەست دژ بە پرسەک کە تەنها وتەنها خەی و هاوخونەکانی زەرەندی سەرەتا وکەتایی بوون ، جیالە هەمووی خەشویستیەکی لە ئەندازە بەدەر بە پارە و سامان لە کاتەکدا هەرچی ئەخلاقی سیاسی و فەرهەنگی وکەمەایەتیە کرایە ژەر پرسیارەوە.

سەەم ، ئەگەر ئەمەی هەرەم بە نموونەیەکی بەرجەستەی پراکتیکی پەش بوون بە دەوەت وەرگرین ، بە پەش چاوی هەموومانەوە دەبینین ئاستی سیاسی وئیدارە و ئابوریمان لە کوەی پەوەرەکانی بە دەوەت بوونداید، بە شەویەکی گشتی کەمەی حزبی تەتالیتاریی قەومی و مەزهەبی ئاوەزانی یەکتر بوونە هەرکام لەمەوتە ببنە خاوەن دەوەتەکت سیاسی سەربەخە ، ئەو جوجەی کیانەی لەم هەلکەیە

سەر دەردەنەت (کە بەلای منەوە هەلکەیەکی بگەنە ئیمکانی تروکانی نیە) هەرشەوی وەک دەوڵەتکی سعودی ، عەراقی سەدام حسین یان ئێرانی ئیسلامی زیاتر نابەت، وەک چۆن ئەم دەستە و تاخمەی کە لە چلەکانەوە هشمەی ئەسپی سیاسیگەلی کوردیان گرتوە و دەستبەرداری نابن ، ئەوکاتە پەویستمان بە بەهارکی کوردیە بە هەنانە خوارەویان لەسەر زینکە .

ناهوشیاری خەکی کوردستان بە نەتەوە لە ئاستکی بەرزدایە ، چونکە هوشیاری حزبی بەئەندازەیک تکەڵە بە خوێنی تاکەکان بووە ئیمکانی بیرکردنەوەیکیفریی نیە بە تەواوی ئەگەرکانی بوون بە دەوڵەت و ڕاگرتنی پگەی ئەو کیانە بەشەویکی مەحکەم، یەک لە پگە ئابوریەکانی دەوڵەتی سەقامگیر لە دونیایئەمەدا پەدانی باجە بە دەوڵەت بەنام بە پچەوانەوە حزب خەکی بە چارکی وەها ئەکتیف کردوە کە حزب و دەوڵەت سەرچاوەی بژەوی خەک بن ، لە کاتکدا پەویست بوو چەندین گارگە و کەمپانیای بەرهەم هێن و پرۆژەی کشتوکاڵی بوونی هەبوایە بە هەرچی خستنە ڕەی شەمەندەفەری ئەو کیانەی خەکی پەویستیان پێیەتینەبادە ئەو جیهانە ماکیاج کراوە دەوڵەتیەی هەندە کەس بە درۆژدان بە قازانجی شەخسی و حزبی شینی درێیینەی بە دەکات.

ئەنجام کیانکی بەهەز و سەرکەوتوو پەویستی بە ئابوریەکی پتەو و ڕایەیکی بەهەزی دیبلەماتی بە هەز هەیە لەگەڵ تەواوی دونیا، بەنام هەرەمی کوردستانی عەراقیە هەموو لەکدانەوەکان توانای بوون بەدەوڵەتی سەربەخۆ بەم ستایەی کار و پەیوەندیە لەرزەکانی لەگەڵ ووڵاتانی دەورووبەر و جیهاندا گەیشتن بەو ئامانجەسیاسیە لە خۆن زیاتر سنور نابەزنەت ، هەیەی مەژوویش بە سەرانی ئەم گەلەیە هەرچەند کافامی خەکیەش بەشکی دانبەوای نەگەیشتن بەخواستکانیانە.

هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان

… 2… ژیلوان شێش محمد صالح

بەشی دووهەم::-

ێژی دوو شەممە بوو لەشکرەکەی خالیدی کوڕی وەلید گەیشتە سنوری شاری هەولێر,خۆوەتیان هەڵداو کە ژمارەیان 40000هەزار سەرباز دەبوو,پاشای هەولێر ناوی چاتلیس بوو ئەم پاشایە زۆر سوار چاك بوو دەێن لە شەڕدا زۆر فێباز بووە ئەم پاشایە خاوەنی 14000هەزار سوارە و پیادە بوە زۆر جار یارمەتی کیسرای فارسی داوە دژی هەرقلی ێم.

یەکەم ێوو بەێوو بوونەوەی سوپای چاتلیس و خالیدی کوڕی وەلید,کاتێك چاتلیس بینی سوپای عەرەب لە نزیك قەڵای هەولێر خۆوەتیان هەڵداوە,هێرشی کردە سەریان و شەڕ لە نێوانیاندا ێوویدا,خالیدی کوڕی وەلید دەێت ئەمە یەکەم شەڕە ئێمە دەیکەین لەگەڵ نەتەوەی کورد,داوام کرد لە سوپاکەم دەستیان لێ نەپارێزن ئەگەر کوژراین شەهیدین جیگەمان بەهەشتە,ئەگەر سەرکەوتین سەرو ماڵیان بێ ئێوەیە ئێمە چەند ساێکە لە شەڕداین تەواو شارەزای شەڕین,سوپای کورد لە سوپای کیسراو ێم زیاتر نییە,دەێن شەێکی ئێکجار گەورە دەستی پێکرد تەپوتۆزی سمی ئەسپەکان بەری خۆری گرتبو,بە هەزارەها مرۆڤ کوژران چەندەها دەست و قاچ بڕان چاوەکان کوێر کران,خوێن و خێ تێکەڵ بوو,ئەم شەڕە چەند ێژێکی خایاند,هەولێریەکان تا دوا سەرباز جەنگان پاشا چاتلیس بە دەستی زرار کوڕی ئەزوەر کوژرا.

جا با بزانین زرار کوڕی ئەزوەر کێ یە:زرار لە دوای فەتحی مەککە موسوڵمان بوو شاعیر بوو یەکێك بوو لە پیاو کوژەکان زۆر حەزی لە شەڕکردن بوو دەێن زۆر بێ بەزەیی بوە,هەر نەیارێکی خۆی بەردەست کەوتبێت بێ دوو دڵی سەری بڕیوە,خۆشەویستی محمد بوە,محمد ووتویەتی زرار جیگەی لە دڵی منداید دەێن ناو هێنانی بەس بوە بێ ئەوەی ترس بچێتە دڵی دوژمنەکانی.

شەو بوو شەڕەکە کۆتایی پێ هات 1000 کوردی هەولێری بە دیل گیراو بێ ێژی دوایی هێنایانە بەردەم خالیدی کوڕی وەلید پڕی وتن ئیسلام بن,ئەوانیش ازی نەبوون ووتیان دینی خۆمان هەیە بڕیە خالید فەرمانی کرد هەموویان سەربڕن,دوایی سوپای ئیسلام سەرکەوتن بێ ناو

قەڵای هەولێر,کەوتنە تاڵانکردنی سەرو ماڵیان و لە پارەو ژن و کچ و منداڵ بۆ ئەوەی تۆزێك مرۆڤایەتی لەبەر چاو بگرن,وەك دەستکەوتی شەڕ ئەم کارە نا مرۆڤانەیان دەرهەق بە خەڵکی هەولێری بە شەرەف کردوو ناموس و شەرەفیان لەکەدار کردن,هەروەها هەرچی ژن و کچی کوردە وەك کەنیزەو غولام دەفرۆشران و دەکێدران لە بازاڕەکانی مەککەو مەدینەدا.

خالید دوایی خۆی ڕاوی کردە قەڵای هەولێر و گەشتە ناو خەڵکەکەوە پێی وتن ئەوەی ئیسلام نابێت دەبێت جزیە بدات یان هەمووتان دەکوژین,ئیتر خەڵکەکە ناچاری بوون بە جزیە دان,وەك و مژوو نوسان دەگێڕنەوە دەڵێن خالید زۆر دڵخۆش بووە بە موسوڵمان نەبونیان بە جزیە لەبەر ئەوەی جزیە وەك سەرمایەیەکی هەمیشەیی وابوە بۆیان خەرجی شەڕو ڕابواردنی خۆیانیان پێ دابین کردوە,دوای تاڵانکردن و سوتاندن و لەکەدار کردنی شەرەف و ناموسی تاکی کوردی هەولێری ڕووە دەکاتە عبداللەی جندلی کە سوپایەك بەرێت و ڕووبکاتە هەرمێتە بۆ داگیرکردنی.

سەرچاوەی ئەم نووسینانە لە گێڕانەوەی ئەبو تەبەریە:المستدرك لحاکم,ج3,حدیس رقم

هەر تاکێکی کورد گومان ئەکات لەم مژووە خۆناویەی سوپای ئیسلام ئەتوانێت خۆی بەدوادا چوونێك بکات بۆ مژووی ئیسلام لە نووسینەکانی مژوونوسە بەناو بانگەکانی ئیسلام کە هەموو موسوڵمانێك شانازی بە بوونی ئەم مژوو نووسانەوە دەکەن,بەڵام گەورەترین کێشەی تاکی موسوڵمان ئەوەیە ناگەڕێت و توژینەوەیەك لە ئاینەکەی خۆی ناکات,خۆنەر نین و تەنها گوێگرن و ئەوەی دەیبیستن و دەیزانن,تەنها ئەوەیە کە لە سەر زمانی مەلا دەنگ دەاوەکان لە میمبەری مزگەوتەکانەوە ئەیبیستن,زۆر دژنیا بن تەواوی نووسینەکانم لە سەرچاوەی ئیسلامییەوە وەرگرتووە و ئەتوانن خۆشتان بە دوادا چوون بکەن و گوێگر نەبن و خۆنەر بن,ئێستاش کتێبکم نووسیوە لە سەر ژیانی تەواوی خەلیفەکانی ئیسلام تەواوی سەرچاوەکانم لە کتیبە ئیسلامییەکانەوە وەرگرتووە,ئێستاش کتێبەکەم لە کتێبخانەی گشتی سلێمانییە حەفتەی داهاتوو ژمارەی سپاردەی ئەدەنێ و بە خۆشحاڵییەوە باوی ئەکەمەوە,باس لە دژندەیی و نا مرۆڤانەی زۆرینەی خەلیفەکانی ئیسلام دەکات,تەمەن ڕێگەمان بدات تەواوی نووسینەکانم لە سەر مژووی ئیسلام بوونی کوردیش تەواو ئەکەم,تاکو تاکی کوردی بزانێت ئیسلام چەندێ زیانبەخش بوە بۆ نەتەوەکەمان.

ئەم سیاستە دوفاقیە بۆ؟! … ئارام عزیز عبدالله

ئەگەر وردبونەوەیەک بەکردارو گوتاری سیاسی بزوتنەوەی گۆران بکەین لەڕابردوودا.. ڕاستەوخۆ دەگەینە ئەوبڕوایەی لەدوو ڕوانگەی((خەباتی چاکسازی، حەزی دەستکاری خوازی))لەڕاگەیاندنکەیەوە چرکراوتەوە و زۆرترین ماف و دەستاتیش لەڕاگەیاندنکەوە تعمیم زەینی خەڵکی کردووە.. ئەمش بە ئادەیەک لە سیاستی بزوتنەوەی گۆرانداوەک یەقین و بنەمایەکی سیاسی نەگۆڕ لە هەست و خواستی جەماوەر و هەوادارانی بزوتنەوەی گۆران چەسپی و هاوکات ڕەنگ دانەوەیەکی بە سازشی هەبووە چونکە گۆران لە بنەڕەتدا ئەمشی مەبەست و ئامانج بووە.. بە واتایەکی تر گۆران بە ئادەیەک یەقین بە سەرکەوتنی پڕۆژەکەی هەبووە بە ئادەیەکی زۆر مەجالی سازش و گۆڕانەوەی بەهەر هەل و مەرجێکی سیاسی نەخوازراو لەخەی گرت لەڕشەوە گۆران ڕوبەڕوی واقیعکی سیاسی نەویستراو دەبەتەوە.. ئەو تۆڕەی بەسەردا دەچەسپێ کە دەڕە لەسیاستدا دوو زائید دوو (2+2) ئەشێ نەکاتە چوار .. چونکە لەبنەڕەتدا بە ئادەیەکی زۆر کەم توانیویەتی خەباتی هاوتەریبی سیاسی نەو دەوڵەتی بکات و کرداری سیاسیەکی لە ئاستی نەودەوڵەتی ئەو بەشتەی نەبەت هاوکات لەسەر ئاستی ناوخۆشی وەک ئاماژەمان پێدا خەی توشی نەگۆڕانەوەی چەق بەستوی کرد.. ئیتر بزوتنەوەی گۆران بە خۆ دەربازکردنی لەهەر ئەزمەیەکی سیاسی زیاتر ڕەئیچەتە هەڵەی دووفاقی و بە متمانەی سیاسی .. بەنمونەش چەکردنەوەی دژایەتی سیاسی و ئیعلامی لە ئیدارەی سیاسی و حوکمی سنوری سلێمانی و ماڵباتی مام جلال لەڕابردوودا .. دواتر گۆرانکاری لەم گوتارەدا لەپاش ڕەکەوتنی یەکێتی و بزوتنەوەی گۆران خەبواردن لە شەفافیەت و داهاتی سلێمانی و تەواوی کەم و کوێکانی تری سنوری سلێمانی و چەکردنەوەی ، دژایەتیکان بەئادەیەکی زۆر لەسەر پارتی .. دواتر نەچونەبواری کرداری ئەو ڕەکەوتنە تەهەچونەوەی گۆران بە نمونەکانەکەی پێش ڕەکەوتن بزوتنەوەی گۆران توشی شکی سیاسی و بە متمانەی جەماوەر دەکاتەوە.. ئەوەی ئەستا دەگوزەرێ.. تەکەای ئاماژەکان بەوەن کە گۆران لەئەزمەیەکی سیاسی قوداید و خەریکە

تەواو گوتارو خەباتی رابردووی تۆشی بە متمانەی هەواداران و جەماوەر ئەبێتەوە جیا لەوەش هەر هەنگاوێکی لەبەرامبەر پارتی بەم شێوازە سیاسەت کردنە هەمان دەرئەنجامی لە ئێکۆتەوە .. ئەمەش لە کاتێکدا پارتە ئیسلامیەکان لەهەوڵی پێک هێنانی بەرەیەکی ئیسلامین کەدوو لەو پارتە ئیسلامیانە لە ئێپۆزسیوندا هاوڕێی گەلان بون ، ئەمەش هەڵگری چەند مەسج و پەیامێکە کەهەندێکیان بەبزوتنەوەی گەلانە کە ئەمانە ئەمان گەیەنە حەقیقەتێکی نوێستراو کەئێوێش قەیرانی سیاسی بزوتنەوەی گەلانە… بەڵام پرسیارێ جوهەری ئەوەیە ئەم کەتای ڕێگاکەیە؟! بەگومان نەخێر! ئەی چۆن دەربازبێت لەوقەیرانە ئەمەش حیکمەتی پرسیارەکەیە.. وەڵامی دروست ئەوەیە پەیوەستە بزوتنەوەی گەلان .. بەڵەهەموو شتێک و شەنەک .. گەلانکاری و ئیعادە نەزەری لەتەواوی ((سیاسەت و پەیوەندیکان ، ڕاگەیاندنکانی)) بکات دووبارە چۆن.. ئەوەیان بەسەرکردایەتی بزوتنەوەی گەلان خەیان جەدەم.

عەشقم چەند لەعەشقی"نالی" ئەچێ ! … بۆتان لەتیف ماویلی

دڵی تەنیام کوتتە سەر ڕێت..
سەبرت لەجەخینەی مانگ ئەولاترێ لەجوانی..
دەم هات وەنگەژی ڕەی هاتنت بکات
وەک بەڵی هاتوویتە ناخمەوە..
تا بەزمکانت ناو سینگم بکەیتە ئینجانەی دڵی گوناویت..
لەدەلاقەی دەمدا ئەبی بەچرا..
چرای ڕەواندنەوەی تاریکی وتنیاییم..
خانمکەم..
ئەواران خەیاڵم بەدیار چاوکانت دائەنیشێ و
پەنجەرەی ژوور واڵا ئەکا بە پەخوستکانت
چاوکەی خونم؛ فڕەشی سوری بەر پەتە ڕەیحانی..
وەکو لەیلاکەی مەحوی چاوڕەی وادەی لیقام حەیرانی..

کەشتا مانگ نەی ئازانی لەکوێی شوودا هەڵ بێت!؟..
کەشتا عارف نەی ئازانی هووگەی عەشقی کوێیە!؟..
منیش نەم ئازانی پیتی یەکەمی عەشقی ئازەلم چیە!؟..
چەڵ ڕەیحانەیە لەبەر هەنگاوم هەواو باڵای کردو
یەکەم ئایەتی عەشقی منی لەپەڕەکانی نوسرابوو..
ئیتر ئەوو هەناری باخی بەختەوەریم..
چیتر لەگەشەی خانەقا کە ناکەوم..
ئەوە پەیکی عەشقی خودایییم..
ئەوە هەناری شکانی تامەزرۆیی خەشوویستی و
ڕەژنە بارانی خاوبوونەوەی خیاڵم
ئەی لەو دەنگەی؛ وەکو "نەی" کەی مەولانا..
لەنەگەڵا لەم گەردووونە بە بنەدا سەرپەڕ بم!..
ئەی کچی کوردەواری
داوەپرچەکانت وەکو ژەی ساز..
دەنگت؛ دەنگی سرودی سروشی ئیمانە..
ئەی یەکەم ئاوازی مەسیقاریم..
چیتر ناەم، ئەوە نەبە کەحەزرەتی"نالی" دەیگوت بە"حەبیبە:
" دەستم لەگەردنی خەت هەمەگرە ئەی حەبیبە
وابزانە خوێنی خەتە یا منەتی ڕەقیبە
سەر بەردەبازی ڕەتە، تەن تەختەبەندی جەتە
دە مەیلی خاکی پەتە، ڕوح ماڵی خەتە بیبە
ئەی گەرانی ژیانم..
ئاوە مەدەوە، وەرە..
ئەدی ناەم:
چەڵاوکەی خوێنم؛ فڕەشی سوری بەر پەتە ڕەیحانی..
ئەی خودایە..
عەشقم چەند لەعەشقی"نالی" ئەچە!..

بەتان لەتیف ماویلی"پایان"
٢٣/٧/٢٠١٦ هەولێر- خانزادی نوێ